# کوردینه..تکایه، پەیمانی ئاکاری نەتەوەیی ببەستن!

**بەختیار مام حەمید**

**((پەیمان بێت شەڕی کوردو کورد ناکەین و هەموومان هەموو گەلی کورد دەپارێزین....،
پەیمانی ئەخلاقی نەتەوەیی))**

گەلی کورد هەموویان لە یەك دایك و یەك باوكن،خاوەنی یەك زووانی بە هێزو بە پێزویتەون،خاوەنی ناسنامەی کوردایەتی و کلتورو داب و نەریتی تایەتن،خاوەنی مێژوویەکی دێرین و پرشانازیی و هەروەها خاوەنی ژیاریکی پڕ واتاو دایکسالاریی و دەستەجەمیی کۆمەڵایەتیین،خاوەنی پەیامی ئاشتیی و پێکەوژیانی مرۆڤایەتیی حەزرەتی زەردەشتن،خاوەنی یەکەمین هەنگاو وشیاربوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین لە چوارچێوەی کشتوکاڵدا،خاوەنی شۆڕشی ئاگرو تیشك و ڕووناکین،خاوەنی کێوی جودین کە کەشتییەکەی حەزرەتی نوح لەنگەری لەسەر گرت،خاوەنی شانازییەکانی میتانی،پێشدادی،خۆری

هۆری،لۆلۆی،گۆتی،سۆمەر،ماننا،کەیانییەکان،کاویان،مادەکان،ساسانییەکان،کاوە،زەردەشت،ڕۆستەم،کەیقوباد،شاکیسراو هتد...ن!، بەڵام هەموان دەزانین ئەم گەلەی ئێمە لە لایەن سەردەستەکانی جیهان و داگیرکەرانەوە دابەشی سەر پێنج وڵات کراوە،سەرەڕای ئەمە خاکەکەی کراوەتە پێنج بەش یان زیاتر،ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە هەر یەك لە (تورکیا-باکور،سوریا-ڕۆژئاڤا،ئێراق-باشور،ئێران-ڕۆژهەڵات،ئەرمەنستان-باکوری ڕۆژهەڵات،ئازەربایجان-کوردستانی سۆڤیەت)ن،پاشان ئەو دەوڵەتانە بە درێژایی مێژوو بە هەموو شێوەیەك کوردیان قڕکردوە،چەوساندویانەتەوە،زووانیان لێ قەدەخە کردوە،مێژوویان تێکداوەو ئەخلاقی نەتەوەییشیان سفر کردوە،لەتەك دەسپێکی داگیرکارییدا کوردانیش شان بەشانی ستەم شۆڕشیان کردوەو خەباتیان درێژە پێداوە،خاوەن لە ناسنامەی خۆیان دەرکەوتون،لە ماڵەکانداو بە نهێنی زمان و فەرهەنگی خۆیان پاراستوە،ئەم تێکۆشانە تا ئێستاش

هەر بەردەوامە بەڵام بە شێوەی پچڕ پچڕ و نایەکێتی،بۆ ئەوەی کوردان لە شۆڕش و تێکۆشانەکەیاندا لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان سەرکەوتن بە دەست بێنن،پێویستە سێ کار بەپەلە ئەنجام بدەن،یەکەم بەستنی پەیمانی ئەخلاقی نەتەوەیی،دووەم بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و ڕاگەیاندنی یەکێتیی نەتەوەیی کورد،سێیەم کردنەوەی قوتابخانەی نەتەوەیی-ئازادیخواز لەسەر بنەمانی (تۆ هەیت با هەبم،من هەم با هەبیت!)،باسی ئێمە لەسەر خاڵی یەکەمە کە بەستنی پەیمانی ئاکار(ئەخلاق)ی نەتەوەییە،پەیمانی ئەخلاقی نەتەوەیی بۆ هەر گەلێك گرنگەو پێویستە بە تایبەت بۆ گەلی ژێردەستەو داگیرکراو،ئەم پەیمانە واتای ڕەوشت و ئاکاری کوردانە دەدات و هەرکەس ناپەیمانی بکات کەواتە کەسێکی نائەخلاقییەو دوورە لە ئەخلاقی کوردەوەو پێویستە پەروەردە بکرێتەوە،ئەم پەیمانە بۆ

پاراستنی نەتەوەیە لە لەناوچوون و قڕبوون و فەوتان بۆیە دەبێت تەواوی گەل پێوەی پابەند بن و بۆ هەموو چین و توێژەکان بێت،

پێویستە لەم پەیمانەدا تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری،پارت و ڕێکخراو،سەنتەرو ناوەندەکان،هەموو لایەنەکان بەشدار بن و لە بەردەم خوای مەزن و خاکی کوردستان و گەلی کورددا بەڵێن و پەیمان بدەن،کە بە هیچ شێوەیەك شەڕی کورد بە کورد ناکرێتەوەو بە حەرام و یاساخیش لە قەڵەم دەدرێت،کار بکرێت بۆ پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی نێوان تاکەکانی کورد،کار بکرێت بۆ پاراستنی زووان و فەرهەنگی کوردی،کورد لە هیچ پارچەیەك وەك بێگانە سەیر ناکرێت و مامەڵەی خاوەن ماڵیی لەتەك دەکرێت،هەر تاکێکی کورد یان هەر پارچەیەکی کوردستان کەوتە قەیرانەوە بێوەستان تەواوی کوردان پشتگیری دەبن و دەکەونە یارمەتیدانی،ململانێی پارتەکان و ڕێکخراوەکان و گشت لایەنەکان تەنیا بۆ بەرژەوەندیی کوردو کوردستانە،ئەنجومەنی باڵای دادگەریی کورد دەدەمەزرێت و تەواوی کێشە یاساییەکانی نەتەوەیی کورد لەئاستی سەرەوە دەبرێنە ئەو ئەنجومەنە،قوتابخانەی زووانەوانیی نهێنی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکرێتەوە بۆ ئەوەی تەواوی کوردان لە گشت شێوەزارەکانی گەلی کورد تێبگەن و زووانی کوردیی پەرەی پێبدرێت،ئەمانەو چەدان بابەتی دیکە کە پێویستە پەیمانیان لەسەر بدرێت،هیوادارین هەموو کورد بە تایبەت پارتەکان بیر لە پەیمانی ئەخلاقی نەتەوەیی بکەنەوە لەبەردەم جەماوەرداو بە ئاشکرا ئەم پەیمانە بدەن بۆ ئەوەی گەلی کورد ئاسودە بێت لە مانەوەو پارێزراوی و گەشەسەندن و تۆکمەبوون انشاللە،گەل دڵنیا دەبێت لەوەی کە توشی ڕووداوی وەك ئەنفال و هەڵەبجەو سنەو دەرسیم و قلێبان نابێتەوەو خەیاڵ ڕاهەت دەژی!،هەرچەندە زووتر پەیمانی ئاکاری نەتەوەیی ببەستین هێشتا درەنگە،با زووکەین بۆ ڕزگاربوون و بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانمان...